


# دەستبەندی کاتژمێر لە جەڵتەی دڵ ئاگادارت دەکاتەوە




تەکنەلۆژیـای دیجیتالـی سـەردەم لـە مۆبایـل و کاتژمێـرەوە بگـرە تـا دەگاتـە ئامراز و کەرەسـەی نـوێ، یەکێك لە ئەرکەکانیان ئەوەیە چاودێری تەندروسـتی وردی بەکارهێنەرەکەی بکەن.. مۆبایلەکان چەندین ئەپلکەیشـن و پرۆگرامیـان تێدایـە بـۆ چاودێری تەندروسـتی بەکارهێنەرەکەی.. کۆمپانیـای ئەپل دوای ئەوەی کە کاتژمێری هۆشـمەندی ئەپلی بەرهەم هێنا، لەم دواییەدا دەسـتبەندی کاتژمێرەکەی کردۆتە سمارت و هۆشمەند کە دەتوانێت چاودێری لێدانی دڵی بەکارهێنەر بکات.

دەسـتبەندی kardia کـە لەلایـەن کۆمپانیای Alivecorەوە تایبـەت بە کاتژمێری ئەپل بەرهـەم هاتـووە، دەتوانێـت لێدانی دڵ بپێوێ.. نە تەنیا ئـەوە دەتوانیت تۆماری لێدانی دڵیـش بـکات. لـەو کاتـەی هەسـتی بـەوەی کـرد کـە بەکارهێنەرەکـەی گرفتێکـی تەندروستی جیدی بۆ هاتۆتەپێش ئاگاداری دەکاتەوە..



# تەلەڤزیۆنی چەماوە سیستەمی ئەندرۆیدی هەیە

تەلەڤزیۆنـەکان چەنـد سـاڵێکە هۆشـمەند بوونـە، تەلەڤزیۆن هر ئـەوە نییە کە شاشەیەکی بێت بۆ سەیرکردنی فیلم، بەڵکو دەتوانی بەهۆیەوە سایتەکان بکەیەوە، ئەو ئەرکانەی بە کۆمپیوتەرێك ئەنجام دەدرێن ئەویش ئەنجامیان بدات.


کۆمپانیـای (شـیائۆمی) چینـی تەلەڤزیۆنێکـی بەنـاوی Mi TV 3S بەرهـەم هێنـاوە کـە کوالیتـی نیشـاندانی 4Kیـە و چەماوەیـە. بارسـتایی و تەنکـی تەلەڤزیۆنەکـە تەنیـا ٦ ملمـە و سیسـتەمی ئەندرۆیدی لەسـەرە. رامەکەی دوو گێگابایتـە. هاردەکـەی ٨ گێگابایتە. سیسـتەمی وای-فـای هەیە و خۆی ئینتەرنێت دەکاتەوە.


# سەیوان لە تەکنەلۆژیای دیجیتالیدا

هەموو شتێك گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لەم چەند ساڵەی دواییدا هیچ ئامرازێك وەك خۆی نەماوە، تەنانەت سەیوان (چەتر)یش.. بۆ نموونە شارەزایەکی تەکنەلۆژیای نوێ کە خەڵکی کوریایە، چەترێکی بەرهەم هێناوە کە لەو کاتانەی باران دەبارێت و دەکەوێتە سەر سەیوانەکە، بە بارانەکە پارچەیەکی مۆسیقا بەرهەم دێنێت، بۆ نموونە ئەگەر نم نم بباریێ ئاوازێك لێدەدات و ئەگەر بەلێزمەش بباریێ ئەوە دەنگێکی دیکەی هەیە.. سەیوانە بارانییەکە کە بە (rain drum) ناسراوە و نە تەنیا مۆسیقا لێدەدات بەڵکو ڕەنگی سەیوانەکەش دەگۆڕدرێت..

سەیوانێکی دیکە هەیە کە پێشبینی کەش و هەوا دەکات، سەیوانی هۆشمەندی (kasha)، لە ڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەندی بە ئینتەرنێتەوە هەیە و خۆی وێستگەیەکی کەشناسی تەواوە. تەنانەت پیشبینی ڕۆژانی داهاتووش دەکات، ئەگەر لەکاتی ڕۆیشتندا سەیوانەکەت پێ بێ و پاش چەند خولەکێك باران بباریێ، سەیوانەکە ئاگادارت دەکاتەوە کە پاش ئەو ماوەیە باران دەبارێت.. یان پێچەوانە دەڵێت باران لێی دەکاتەوە. سەیوانەکە لەکاتی ڕۆیشتندا بۆ هەر شوێنێك بڕۆی هەلومەرجی جوگرافی ئەو شوێنە دەزانێت و بەکارهێنەرەکەشی دەناسێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر خاوەنەکەی جێیبهێڵێ جەرەس لێدەدات..







# گوگل وێنەی گەشتەکانتان دەکاتە ئەلبۆمێک

یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانی گوگل خزمەتگوزاری فۆتۆیە.. کە لەودا دەتوانیت وێنەکانت بکەی بە ئەلبۆم و وەك ئەرشیفێك هەڵیان بگری.. لەم دواییەدا تایبەتمەندییەکی نوێ بەو خزمەتگوزارییەوە زیاد بووە، ئەویش ئەوەیە کە بەشێوەی ئۆتۆماتیك لەو وێنانەی لەکاتی گەشت و سەیران و گەڕاندا گرتووتن بەپێی هەڵکەوتەی ڕێکەوت و جوگرافیای شوێنەکە ئەلبۆمێك ساز دەکات. ئەلبۆمە هۆشمەندەکە باشترین شوێنەکانی گەشتەکەت بۆ دەستنیشان دەکات. ئەو شوێنانەی سەردانت کردوون بۆت ریزبەندی دەکات لەسەر نەخشەکەی خۆی نیشانی دەدات.. پاش وەرگرتنی ئەلبۆمەکەت دەتوانی بە ویستی خۆت ڕوونکردنەوە لەسەر وێنەکان بنووسی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێك دەپرسێت حەز ناکەم کەسانی دیکە بزانن لەسەر سایتی یوتیوب سەیری چ گرتەیەکی ڤیدیۆییم کردووە، چون دەکرێت ئەو بەشەی تایبەتە بە نیشاندانی فیلمە ڤیدیۆییەکانی پێشوو بسڕمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ سڕینەوەی history یان یوتیوب سەرەتا ئەو هەنگاوانە بگرە بەر.. ئەو ئەدرەسە لێبدە https:// www.youtube.com/feed/history دوای کرانەوەی، بەشی watch history هەڵبژێرە و لەسەر clear all watch history کلیك بکە.. ئیدی مێژووی سەیرکردنی گرتە ڤیدیۆییەکان دەسڕێتەوە..

# ئامێرێک ساواکان ژێر دەکاتەوە

بۆ ژێرکردنەوەی منداڵ و خەواندنی دایکان لایەلایە دەڵێن، لایەلایەی دایکان لە فۆلکلۆری گەلاندا جێگای تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە بەداخەوە دایکی ئەو سەردەمە هیچیان لایەلایە نازانن و ڕێگای دیکە دەبینن بۆ ژێرکردن و خەواندنی منداڵەکانیان.. ئامێرێکی بچووك هەیە Quiet Night و وەك بووکەڵەیەك دەچێت و بە لانك یان لەیلوکی منداڵەوە هەڵدەواسرێت و ئەو ئامێرە ١٢٥ ئاوازی تایبەت بەمنداڵانی تێدایە و کە منداڵەکە گریا دەست دەکات بە ژێرکردنەوەو لایەلایەی بۆ دەکات. دەکرێت ئاوازی دیکەی بە ویستی بەکارهێنەرەکەی بۆ دابنردێ و ئامێرەکە ئەوەندە هۆشمەندە کە ئەگەر یەکجار هەستی بەوەی کرد منداڵەوە بەو ئاوازە ژێر دەبێتەوە ئەو ئاوازە لە خۆیدا ڕادەگرێ و لەکاتی گریانی منداڵەکەدا دووپاتەی دەکاتەوە.







# سایتێک بۆ تاقیکردنەوەی ئەمنییەتی پاسۆردەکانتان

لە وشـەی نهێنی واتە passwordەکەت دڵنیا نی؟ دەتهەوێ بزانی پاسـۆردەکەت چەندە سەختە ئاشکرا کردنی، حەز دەکەی بزانی هاککەرەکان چەندیان کات دەوێ تا پاسۆردەکەت بکەنـەوە.. بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەر لەسـایتی howsecureismypassword.net بـدە.. جگەلـەوەی کـە پێت دەڵێت وشـە نهێنییەکەت چەندە لاوازە یـان بەهێزە.. ڕێنوێنیت دەکات چ بکەی کە پاسۆردێکی بەهێز دابنێی.. کاتی کردنەوەی پاسۆردەکەت لەلایەن هاککەرەکانەوە چەندە دەخایەنێ.. بەگشتی سایتێکی گرنگە لەبابەت زانیاری بەخشین لەبارەی وشەی نهێنییەوە..

# کامێرای تایبەت بە هەڵگرتنەوەی وێنەی پانۆرامای 4K




کوالیتی کامێراکان هەتا دێت زیاتر دەبێت ئێستا کوالیتی HD و فول HD هەر باوی نەماوە، بەڵکـو بـاس باسـی کوالیتـی ٢K و ٤Kیـە. ئەویش بە شـێوازی پانورامایی واتـە ٣٦٠ پلەی بۆ نموونە کاتێك وێنەی ژوورێك دەگری ئیدی سەرەوخوار پشتەوە و پێشەوەی هەمووی لە وێنەکەدا بێت... کۆمپانیای Kodak بۆ ئەوانەی شارەزای بواری وێنە و فیلم گرتن ناوێکی نامۆ نییە، چونکـە مێژوویەکەی بۆ زیاتر لە نیو سـەدە دەگەڕێتـەوە.. کۆمپانیای ناوبراو نوێترین کامێرای خۆی بەناوی SP360 4K بەرهەم هێناوە، کامێرای ناوبراو دوو حاڵەتی فیلم هەڵگرتنەوەی هەیە. یەکەمیـان پێـی دەگۆڕێـت Global بەهۆیەو دەکرێت لە گۆشـەی ٣٦٠ پلە وێنە بگری، حاڵەتی دووەمیش پێیدەگوترێت Front کە حاڵەتی ستاندەری دیدی بەربڵاوی پانۆرامایە و بە کوالیتی 4k فیلم هەڵدەگرێتەوە. بۆ هەڵگرتنەوەی فیلمێك کە هەموو دەوروبەرەکە بێت پێویستت بە دوو کامێرایە، هەربۆیـە کۆمپانیـای ناوبـراو بە نیازە پەکێجێکی تایبەت بەرهەم بێنێ کە شـوێنی دوو کامێرای تێدا بێتەوە بەهۆی مۆبایلەوەش دەتوانی کۆنترۆڵ بکرێت.



# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی بۆتی ویندۆز

بـۆت کـردن واتـە Bootable کردنـی ویندۆز بۆ ئەو کاتانـەی کـە مەبەسـتتە کۆمپیوتەرەکـەت فۆرمـات بکەی زۆر پێویسـتە.. لـە ویندۆزهەشـتەوە مایکرۆسـۆفت ئـەو تایبەتمەندییـەی لـە ویندۆزەکانـدا زیاد کرد کە بەبێ CD یا DVD ویندۆز بکرێت ویندۆز بخەیەوە سـەر کۆمپیوتەر، هەم لە ڕێگای ئۆنلاینەوە و هەم لە ڕێگای فلاش میمۆرییەوە.. فلاش میمۆری بۆ بوتێبڵ کردنی ویندۆز زۆر گونجاوترە لە سی دی و دیڤی دی.. چونکە هەڵگرتنی ئاسانە و کەمتر تێکدەچێـت.. بـەڵام بۆ ئـەوەی کە ویندۆزەکـەت بخەیە سـەر فلاش میمۆری پێویسـتت بە پرۆگرامی تایبەتە. یەکێـك لە پرۆگرامـەکان، پرۆگرامی Rufus بەهۆی ئەو پرۆگرامـەوە بـە ئاسـانی ویندۆزەکەت دەچێتە سـەر فلاش میمـۆری و لەکاتی پێویسـتدا واتـە ئەوکاتەی کۆمپیوتەر فۆرمات دەکەیەوە بە ئاسانی دەتوانی داینێیەوە.. خێرایی پرۆگرامەکـە بـە بـەراورد بـەو پرۆگرامانەی ئـەو ئەرکە ئەنجام دەدەن دوو بەرابەرە..